# بزووتنەوە کۆمەڵایەتییە ئیسلامییەکان




**هاکان یاووز**

بەراوردکردنێک لە نێوان بزووتنەوە کۆمەڵایەتییە هاوچەرخەکاندا پێمان دەڵێت کە هەموویان خاوەنی ڕەنگ و ڕواڵەتێکی ژانوسین ((genus)). لە لایەکەوە مۆدێرن و لە ڕووی کۆمەڵایەتی و سیاسییەوە "نوێگەرا" و خوازیاری دەستڕاگەیشتن بە دیمۆکراسی و پەرەی ئابوورین و لە لایەکی دیکەشەوە "کۆنزێرڤاتیڤ و موحافزکار" و شەرعیەتخواز یان ئۆتۆریتەر و بانگەشەدەری سەختگیریی مینۆکی- ئایینین لە کۆمەڵگادا. ئەنجام "نائارامی" وەک تایبەتمەندیی دەروونی و زاتیی زۆربەی بزووتنەوە کۆمەڵایەتییە

ئیسلامییەکان دەژمێردرێت. لێرەدا سەیر ئەوەیە کە ئەم نائارامییە لە نێوان سیمای "مۆدێرن" و "ئۆتۆریتەری" بزووتنەوە ئایینییەکان بە سەرچاوەی داهێنان و تازەگەریی ئایینی لە قەڵەم دەدرێت. مەخابن زۆرێک لە توێژەرە ئیسلامییەکان نەیانتوانیوە سرووشتی شاراوەی بزووتنەوە کۆمەڵایەتییە ئیسلامییە مۆدێرنەکان دەرک بکەن و هەوڵیان داوە لە سەر بنەمای ناوەرۆککەرا و یان (جەوهەرگەرا) خوێندنەوەیەکی سووک و کەمکەرەوەی ئابووری بۆ ئیسلام (کۆنتێکستواڵیستی) بە دەستەوە بدەن. ئەم وتارە دەکەوێتە ململانێی ئەو چەشنە تەعبیرانەوە و لە بەرامبەریان بەڵگاندن دەکات کە بزووتنەوە ئیسلامییەکان وێڕای قایل بوون بە فەزای هەل و دەرفەتی تایبەت لە نێو شوێنکاتی گشتیدا، توانیویانە ببنە پاڵنەر و مۆتیڤێک بۆ هێزە پەرەگرتووە ئابوورییەکان، دیمۆکراتیزاسیۆن و پەسەند کردنی زۆرێک لە دەرکەوتەکانی مۆدێرنێتی. لام وایە سێهەم ستراتیژێک کە لە لایەن بونیادگەراکان (کۆنستراکتیڤیستەکان)ەوە پێشنیار دەدرێت، بۆ دەستەبەر کردنی چوارچێوەیەکی تیۆریکی هەرە ورد و قووڵ بە مەبەستی شیکردنەوەی بەدیهاتنی شوناسی ئیسلامی سیاسی لە بزووتنەوە ئیسلامییە هاوچەرخەکاندا گەلێک بەتوانایە. هەر بۆیە بۆ جیاوازی کردن لە نێوان فەزای دەرفەتەکان لە بونیادی دەرفەتی سیاسیی دەوڵەت، ستراتیژی کۆنستراکتیڤیستیم بە کارهێناوە و دواتر ڕێگایەک تاقی دەکەمەوە کە موسوڵمانەکان بۆ کەڵک وەرگرتن لەم فەزایە بە ئامانجی پێکانی خواستەکانیان لە ڕێگەی سازکردنی ڕەوشی سیاسی، کۆمەڵایەتی و ئابووریی سەربارى دادپەروەری خستوویانەتە بەرکار. بە تایبەت لە ڕێگەی دووبارە تاقیکردنەوەی پێوەندیی دووانەی نێوان سیاسەتە دەوڵەتییەکانی تورکیا و خۆڕاگریی کۆمەڵایەتی توانیومە جۆرە

پێیناسەیەکی نوێ سەبارەت بە بزووتنەوە کۆمەڵایەتی-سیاسییەکان ئاراستە بکەم کە لە سەر بنەمای پەرە و گەشە و دەستگرتن بە سەر فەزاکانی دەرفەتدا سەقامیان گرتووە.

**جەوهەرگەرایی؛ دەق و پەرەی سیاسی**

جەوهەرگەرایی بە نیازە شەپۆلە ڕەنگاڵەکانی پێوەندییە مرۆییەکان بۆ چەند فاکتەری "جەوهەری" و دیاریکردنی کۆمەڵێک تایبەتمەندی و دەق وەک "کلیلێک" بۆ تێگەیشتن لە ئایینەکان لە کۆمەڵگا کولتوورییەکان دابەزێنێت[1]. ئەم خواستە کە لە "ئێکسترالیزمی" بێرنارد لووئیزدا بەدی دەکرێت، دەوری سەرەکی لە سەرهەڵدانی تیۆریی مۆدێرنیزاسیۆن و "نەبوونی دەستەبەندی" لە سەر دەستی پسپۆڕانی پەروەردە گێڕاوە. سوننەت و مۆدێرنێتی [هێزی] هاوکێشکاری یەکدی و هەڵگری چەند خاڵێکی ئەخلاقین بۆ تیۆریسیانەکانی مۆدێرنیزاسیۆن تاوەکوو سوننەت لە پێگەی تەواوکەری سەرەکی و وەک ڕێگە و ڕێبازی پێشکەوتن و گەشەسەندنی پیشان بدەن. لای زۆربەی توێژەرانی هاوچەرخ ئەم چڕبوونەوە لە سەر ژیاندنەوە و بووژاندنەوەی ئیسلامی لە خۆ دەگرێ کە موسوڵمانەکان ئەوەی لە ڕەوتی پەرەی کۆمەڵگادا مانای موسوڵمان بوونیان پێ دەبەخشێت، نەیانتوانیوە دووبارە وێناندن و دووبارە جەمسەربەندیی بکەنەوە و تەنیا بە پێی پرەنسیپە ئیسلامییە نەگۆڕەکان کردەیان نواندووە[2]. بۆ نموونە "لووئیز" بەڵگاندن دەکات کە ئیسلام نەریتێکی نەگۆڕو لە مێژینە و سیستەمێکی کولتوورییە[3]. کتێبی "بەسام تیبی" بە ناوی "ئیسلام و کولتووری سازان لەگەڵ گۆڕانکارییە کۆمەڵایەتییەکان" نموونەیەکی دیکەی ئەم خواست و لایەنگرییەیە بریتی لە جەوهەری نەگۆڕی

ئیسلام. تیبی بەڵگاندن دەکات کە ئیسلام بریتییە لە کۆمەڵێک دەقی جێگیر، ئامۆژگاری و کردەوە کە بە هۆی هەستەکانی موسوڵمانەکان خۆیانەوە دیاریی کراوە[٤]. بە بڕوای تیبی "گوتاری ئایینی" بە ڕوڵەت لە بۆشاییەکی داخراو و کەل و کون ئاخنراوی دەرەنجامی گۆڕانی بەستێن و تەفسیرەکان بەرهەم هاتووە. ئەو لە کۆتاییدا مۆدێلێک لە ئیسلامی خۆجێیی ناو دەبات کە نیمچە مێژووییە و لە کاریکاتۆری فێندەمێنتاڵەکان لە مەڕ " حەقیقەتی" ئیسلام دەچێت. تایبەتمەندیی هۆکارێتیی جەوهەرگەراکان بەرامبەر بە ئیسلام وەک دامەزراوە و کۆیەکی جێگیر و سەقامدراو لە ئامۆژەکان، بەڵام نەرێنی بۆ هۆکارێتیی بەرامبەرکێی موسوڵمانەکان بۆ یەکدییە. بۆ نموونە تیبی گەیشتۆتە ئەو دەرەنجامە کە ئیسلامی سیاسی "بەرجەوەنێکی داهێنەرانەی بۆ داهاتوو دابین نەکردووە" بەڵکوو تەنیا و تەنیا خاوەنی ڕوانگەیەکی خەیاڵاوییە بۆ داهاتوو وەک دامەزراندنەوەی ڕابردوو... کەواتە ئیسلامی سیاسی –وێڕای کۆمەڵێک ئاستەنگی- دەکرێ وەک یۆتۆپیایەکی ڕوو لە ڕابردوو تەفسیر بکرێت"[٥]. لوئیزیش وەک تیبی بەرەو ئەم پێش گریمانە کشاوە کە "بەراورد بە توخمەکانی دیکە" ئیسلام خۆی بە تەنیا بە دوا بناغەی شوناس، وەفاداری و شەرعییەت دەژمێردرێت[٦]. سیاسەتی جەوهەرگەرا، شوناسی ئیسلامیی وەک بوونێکی ئەزەلی و خاوەنی پەرگیری و هێزی دیاریکەر نیشان داوە"[٧]. هەر بەم شێوە ئیمانۆئێل سیوان وەکی‌تر بانگەشەی ئەوەی کردووە کە "بووژاندنەوەی ئیسلامی- لە حاڵەتێکدا کە کردەگەراکان و [هێزی] نیمچە سەربازی و چەکدار- بەم چەشنە بەرگری لە جەوهەرگەراکان بکەن، بە جۆرێک کردەوەی بەربەست و دژ بە مۆدێرنێتی لە قەڵەم دەدرێت"[٨].سیوان کێشەکە لە زاتی سرووشتی

دژە مۆدێرنی ئیسلامدا دەبینێت و ئەنجامگیری دەکات کە گرووپە ئیسلامییەکان هەموویان بۆ "دۆژمنایەتیی گرژی دوژمنی دوژمنەکان" واتە "مۆدێرنێتی" یەکیان گرتووە." "مۆدێرنێتی" لە بنچینەدا بیانییە لەگەڵ ئیسلام[٩].

"لووئیز"، "تیبی" و "سیوان" بەرامبەر بە جەخت کردنەوە لە دوکترینی ئیسلامی لەگەڵ ڕەفتاری تاکەکەسی و ئۆلگووی دامەزراوەیی لە کۆمەڵگادا وەک گشتێک، تووشی زیادەڕۆیی هاتوون. جگە لەم ڕێکاری پرۆبلۆماتیکە وەک پرسی هۆکارێتی، ئەوان خوازیاری ئەم بەڵگاندنەن کە ئیسلام زمانێکی سیاسی و زاراوەیەکی نەگۆڕە کە ڕەفتاری موسوڵمانەکان بەرەو فەزا و شوێنکاتی گشتی ڕێنوێنی دەکات. کەوابوو توێژەرانی جەوهەرگەرا/زاتگەرا بە شێوەیەک ڕووبەڕووی بزووتنەوە ئیسلامییە جۆراوجۆرەکان و ڕکابەرێکی وەک بزووتنەوە یەکدەستە ئایدۆلۆژیکییەکان بوونەتەوە کە گوایە هەر لە سەرەتاوە لە ژێر کاریگەریی قورئان و نووسینەکانی کەسانێکی وەک ئەبووالا عەلی مەودوودی(١٩٠٣-١٩٧٢)، سەید قوتب (١٩٠٦-١٩٦٤)، حەسەن البەنا (١٩٠٦-١٩٤٩) و محەمەد حەسەن فەزلۆلا (-١٩٣٥) بوون[١٠]. ئەم ڕووکردە پشتیوانیی لەو ڕوانگە دەکات کە سەرجەم بزووتنەوە کۆمەڵایەتی و سیاسییەکان لە لایەن جیهانبینیی ئیسلامییەوە هاندەدرێن و ڕێنمایی کراون. یەک لە ئامانجەکانی ئەم وتارە نیشاندانی ئەو پرسەیە کە فرەچەشنیی باوەڕەکان و کردەوەی موسوڵمانەکان لەگەڵ ئەو توێژینەوانەی ئیسلام وەک بنەڕەتی هەموو بزووتنەوە کۆمەڵایەتی و سیاسییەکان کە خۆیان بە ئیسلامی دادەنێن یان بە نیازن بە شێوەی یەکپارچە، نەگۆڕ و جێگیر و دوور لە گۆڕان خۆ نیشان بدەن، ناسازگارە.

جگە لەمە توێژەرانی جەوهەرگەرا بە کەڵک وەرگرتن لە پێناسەی ئەتنی-تەوەرەیی ئەنجامگەرایانە بۆ مۆدێرنێتی بانگەشەی ئەوە دەکەن کە کۆمەڵگا موسوڵمانەکان لە ناوەرۆکدا نەریتین و توانای نوێبوونەوەیان نییە. لە ڕاستیدا ژمارەیەک لە توێژەرانی مۆدێرنیزاسیۆن "کۆمەڵێک نەبوون و نائامادەیی، نەبوونی چینی مامناوەند و شارەکان و نەبوونی مافی سیاسی" بە هۆکاری شکستی دیموکراتیزاسیۆن و کاپیتالیزم لە کۆمەڵگا ئیسلامییەکان، دەزانن[١١]. بۆ نموونە "دانیەل پ لێرنێر" بەڵگاندنی کردووە کە ئیسلام وەک ئایدۆلۆژیایەکی نەریتی کاردانەوەیەکە بەرامبەر بە مۆدێرنێتی و بە نیسبەت تورکیاوە، ناچارییەک بووە[١٢] بۆ هەڵبژاردنی نێوان مەککە و میکانیزاسیۆن! گومانی تێدا نییە توێژەرانی تورکیا لە ژێر کاریگەری و پەیوەست بوونی ئەم ڕووکردە پۆزیتیڤیستییەی "کۆنتی" بۆ ئایدۆلۆژیای دەوڵەتی کەمالیستی، چواچێوەی لێرنێریان بۆ لێکدانەوەی پەرەگرتنی سیاسی لە وڵاتەکەیاندا دامەزراندووە[١٣]. ئەوان هاوشێوەی هەندێک توێژەری ڕۆژئاوایی ویستوویانە وەک کاردانەوەی هێزی شەڕکەر و کردەیەکی بێ دەرەنجام دژ بە ڕەوتی بەڕۆژئاوایی کردن و عورفی بوون، لەگەڵ بزووتنەوە ئیسلامییەکاندا بەرەو ڕوو ببنەوە[١٤]. ئەم جۆرە تیۆرییانە بەو ئاقارەدا دەکشێن کە ڕەفتاری مرۆیی بە پێی دووالیزمێکی سادەی وەک مۆدێرن و سوننەتی لێک بدەنەوە، لە حاڵێکدا کە چاو لە میکانیزمەکانی کاریگەر لە سەر کامڵ بوونی بزووتنەوە ئیسلامییەکان، گەشە و پەرەی ئابووری، پارادایمی کۆمەڵایەتی و گۆڕانکاریی کۆمەڵایەتی دادەخەن.

لە تورکیا تیۆریی مۆدێرنیزاسیۆن پێش توێژینەوەکانی زانستە کۆمەڵایەتییەکان کەوتووە و بیر و بۆچوونی ڕاشکاو سەبارەت بە

کۆن دژی نوێ، سوننەت دژی مۆدێرنێتی، دین دژی سێکۆلاریزم، هەنگاوی پتەو بەرەو بەرۆژئاوایی بوون، و کاردانەوەی کۆمەڵایەتی سیاسیی فاناتیزمی ئایینیی بیچمدراو لەم لێکدانەوانەدا خەلق کراوە. ئەوان بەدیهێنانی رژێمی کۆماری وەک دواهاتی سەرهەڵدانی حاشاهەڵنەگری تورکیای مۆدێرن دەناسێنن و پایە ئایدۆلۆژییە کەمالیستییەکانیان وەک کامڵ کردنی قەدەر و چارەنووسی حەتمیی هێزە مۆدێرنیزەکارەکانی تورکیا دەستنیشان کردووە. ئەم خوێندنەوە نیۆلۆژیکاڵە، دەوڵەت تەوەر و بونیادگەرایانە بۆ سیاسەت و کۆمەڵگای تورکی چاوی لە تیاچوونی مووزائیکی ئاناتۆلی، ئەرمەنییەکان، ئاسووری، یوونانی، کوردەکان و گرووپە ئەتنی و ئایینییەکانی دیکە داخستووە. طارق-ز-تونایا، نیازی بریکس و بێرنارد لوئیز ئەم چوارچێوەیان بۆ راڤە و لێکدانەوەی پێوەندیدار بە تورکیا و لە سەر بنەمای "دۆزینەوەی" ناسیۆنالیزمی تورک وەک شوناسێکی ئەزەلی کە لە سەردەستی مستەفا کەمال و سیاسەتە نوێگەرا سێکۆلاریستییەکانی، ئەو شوناسەی لە توخمە ئیسلامی-عوسمانییەکان سڕیوەتەوە، دارێژراوە. سەرپاکی ئەم نووسەرانە بە چڕ بوونەوە لە سەر مێژووی ئایدیاکان وەک کردەگەرێکی پۆزەتیڤ بۆ بە کردەوە دەرهێنانی مۆدێرنێتی رەفتاریان کردووە. دەرکێکی وەها لە مەڕ دەوڵەت وەک هێزێکی مۆدێرن و نوێگەرا روانینی ئەم راڤەکارانەی کاردانەوە کۆمەڵایەتییەکانی بە شێوەیەک بیچم داوە کە وەک "فاناتیزمی ئیسلامی" هەڵس و کەوت بکەن. جگە لەمە ئەم کارانە لە دابڕانی قووڵی ئەتنی و ئایینی لە کۆمەڵگای تورکیا و توندوتیژییە دەرەوەییەکانی (periodically) کە خواست و داواکارییە شوناسییەکان بوو، چاوپۆشییان کردووە. تەنیا نەوەی نوێی توێژەرەکان و کەسانێکی وەک (نیلووفەر گۆلە، رەشاد کاسا،

شەریف ماردین، رابێرت ئێلسۆن و مارتین وان برۆینسێن)[١٥] خوێندنەوەی ناسک و وردیان سەبارەت بە دەوڵەت- کۆمەڵگا ئەنجام داوە.لەم ڕووەوە ئێمە دەمانهەوێ دەرکێکی تیۆریکی زۆر پێشکەوتووتر لە ڕووی تیۆرییەوە سەبارەت بە پرۆسەکان بێتە ئاراوە کە بە هۆیەوە شوناسی ئەتنی ئایینی بۆ وەڵامدانەوەی کێشە و گرفتە ئابووری و سیاسییەکان لە کۆمەڵگایەکی مۆدێرنی وەک تورکیادا بە سیاسی کراون.

## کۆنتێکستوالێزم

دژ بەم ڕووکردە جەوهەرگەرا و کەم کەرەوانە، ویٚرژینێکی نوێی پشتبەستوو بە کۆنتێکستوالێزم سەریهەڵداوە. ئەم ڕووکردە لە سەر شانسی لێکدانەوەی بزووتنەوە کۆمەڵایەتییە ئیسلامییەکان و ڕێساکانی بەدەر لە گۆڕان و لە گەڕانەوە نەهاتوو و تێلۆلۆژیا (ئاکام ناسی) تیۆریی مۆدێرنیزاسیۆن و نزیکیی جەوهەرگەرایی ئیسلام جەخت دەکاتەوە[١٦]. ئەم ڕووکردە سێ لایەنی جیاوازی هەیە، یەکەمیان تیۆریی بێبەری بوونە کە بزووتنەوە ئیسلامییە هەنووکەییەکان وەک کاردانەوەی مۆدێڕن دژ بە نوخبە گەندەڵەکانی دەوڵەت، بێکاریی ئێجگار زۆر و زیادبوونی حەشیمەت ناو دەبات[١٧]. ئۆزای محەمەد وەک وازهێنان لە جیهانی ئیسلام لە "قەیرانی قورس" و خێرا کە بزووتنەوە ئیسلامییەکانی ناچار بە وەڵامی فێندەمێنتالییانە کردووە، سەیری ئەم هۆکارانە دەکات[١٨]. محەمەد بەڵگاندن دەکات کە "بووژاندنەوەی ژیانی ئیسلامی هەم لە تورکیا و هەم لە مالیزیا"وەک وەڵامێک بۆ بەڕێوەبردنی ناشارەزایانە و گەشەی سێکۆلاریستەکان سەری هەڵداوە[١٩]. ئەگەری پڕ ڕەنگ هەیە کە ئەم دوو کۆمەڵگا پەراوێزە لەم دواییانەدا بەم بزووتنەوە

ئایینی سیاسییانەوە پەیوەست بووبێتن و نیشانە و دەربڕی گەیشتن بە گۆڕانکارییە کۆمەڵایەتییەکان لە ڕێگەی زمانی ئایینییەوە بن. بە پێی تیۆریی بێبەری بوون پێشەنگەکانی ئیسلامگەرا، سیمبۆل و زاراوە ئایینییەکان بە مەبەستی دەستڕاگەیشتن بە کاڵای ئابووری، ئەمنییەتی تاکەکەسی و هاوئاهەنگ کردنی شوناسی گشتی، یەکگرتوو دەکەن. ئەم بزووتنەوانە ئیسلام وەک ئایدۆلۆژیایەکی جەماوەری بە مەبەستی یەکگرتوویی کۆمەڵگا و بە ناوی نەریت و ئیعتبار یان ڕاستیی بەڵگاندنەکان دەخەنە بەر کار[٢٠]. بزووتنەوە جۆراوجۆرە ئیسلامییەکان بە پشتبەستن بە زمانی ئیسلامی هەوڵی پاشەکشێ کردن بە حوکمڕانیی شەرعییەتی دەوڵەتی و ئافراندنی فەزای گشتی کە لە لایەن – دەوڵەتەوە کۆنترۆڵ دەکرێت- دەدەن. بۆ نموونە گرووپە ئیسلامییەکان لە میسر، ئۆردن و تورکیا هەوڵیان داوە تاوەکوو شوێن و پێگەی نوێ بۆ پەروەردە و خزمەتگوزاریی تەندرووستی بکەنەوە، دوو فەزای ئێجگار کاریگەر کە لە ڕێگەیەوە دەتوانن دزە بکەنە نێو کۆمەڵگا. ئەم گرووپانە وەکی تر بۆ کاریگەریدانان لە سەر هێزی چەکدار و بیرۆکراسی وەک دوو قوتووی ڕەش یان مۆخی ئێسکی دەسەلاتی دەوڵەتیش هەوڵیان داوە.

کلیفۆر گیرێنز بەڵگاندن دەکات کە لە وڵاتانی لە حاڵی پەرەدان ئایین یان نەریت "نەخشەڕێی ناسین" یاخود "ئەخلاق" وەک یارمەتییەک بۆ بە یەک گەیشتنی گرووپەکان بە ئامانجی ئەنجامدانی کردەوەی سیاسی ئاراستە دەکات[٢١]. تەنانەت گەر لامان وا بێت کە بزووتنەوە ئیسلامییەکان بزووتنەوەی ناڕەزایین، لێکدانەوەی کۆنتێکستواڵیستی ڕوونی ناکاتەوە کە بۆچی ئیسلام بزووتنەوە هەرە بەهێزە کۆییەکان لە زۆرێک لە وڵاتانی موسوڵماندا

بانگهێشت دەکات و بەکاریان دێنێت؟ ئەم ڕووکردە تەنیا تەفسیرێک لە ئیسلام بە تەواو دەزانێت. ڕووکردی کۆنستێکستواڵیستی خوێندنەوەیەکی ئامێرگەرایانە instrumentalist بۆ شوناسی ئیسلامی و زمان دیاریی دەکات کە نکوولی لە سەنگ و قورسایی ئایدیا و بەهاکان دەکات و شوناسی ئیسلامی سیاسی پێشەکی وەک دیاردەیەکی گۆڕانکاریی کۆمەڵایەتیی خێرا لە بەر چاو دەگرێت.

دووهەم ڕووگەی strand لایەنی کۆنستێکستواڵیستی لە سەر چۆنێتیی ڕێکخراوەیی و ڕێبەرایەتی وەک کەسایەتی‌دان بە جەماوەر لە بزووتنەوە ئیسلامییەکاندا جەخت دەکاتەوە و گریمانە دەکات کە سەرجەمیان سەرباری ڕواڵەتی ڕوون، خاوەنی هۆکار و داواکاریی جیاوازی خۆیان بوون[٢٢]. هەندێک لە توێژەران کە کار لە سەر لێکدانەوەی بزووتنەوە ئیسلامییەکان دەکەن بەڵگاندەیان کردووە کە ئایین بزۆز و دینامیکە چونکە بە نیازی دابین کردنی کۆمەڵێک سیمبۆلە، بۆ یەکگرتن و بونیادێکی ڕەسمی بۆ ڕێکخستنی خەڵک و تۆڕێکی ڕێبەرایەتی بۆ لاوان و دەرەنجام دزە و بەبرشتە لە ناو دەوڵەتدا. ئەو توێژەرانەی ئەم هێڵی بەڵگاندنەیان گرتۆتە بەر ئیسلام وەک دەزوویەک کە هێزە دژبەرە مێژووییەکان بۆ ململانێی ڕژێمە ئۆتۆریتەرەکان پێکەوە گرێ دەدات، پێناسە دەکەن. ئەم ڕووگەش بۆ لێکدانەوەی ئەوەی کە بۆچی گرووپە ڕکابەرە ناهاوشێوەکان حەزیان لێیە لە دەوری سیمبۆلە ئیسلامییەکان و زمان بیچم بگرن، بێ ئاکام دەبێت. ئەم ڕووکردە بە چڕبوونەوە لە سەر دامەزراوە و ڕێبەرەکان لە لێکدانەوەی ئەوەی کە تا چەند چوارچێوەی مەعریفەیی مۆدێرن لە سەر دەستی ئیسلام بیچمی گرتووە و تا چەند ڕێگە و ڕەوتی ڕەخنەگرە تاکەکەسییەکان دیاریی دەکات، سەرکەوتوو نەبووە. وەکی‌تر ئەم ڕووکردە پێش بە تیۆریزە کردنی

گشتی دەگرێت سەبارەت بە نەک تەنها چۆنێتیی جیاوازیی نێوان بزووتنەوە ئیسلامییە جۆراوجۆرەکان بەڵکوو ئەوەشی کە دەکرێ بە شێوەی هاوبەش کەڵکی لێ وەربگیرێت. بەرەی سێهەمی نووسەرانی کۆنتێکستوڵیست داکۆکی لە دەوری لە پێش بوون دەکەنەوە کە لە ڕەوتی دوو پرۆسەی دەوڵەتسازی و بەدیهاتنی نەتەوە لە ماوەی ڕێسا کۆلۆنیالییەکاندا ڕۆڵی گێڕاوە[٢٣]. تویێژەرانی سیاسەت لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە ژێر کاریگەریی ئەم قوتابخانە فیکرییە دەیانهەوێ مۆدێلی تایبەتیی پێکهێنانی دەوڵەت وەک هۆکارێک بۆ نەبوونی دیمۆکراسی و سەرهەڵدانی بزووتنەوە کۆمەڵایەتییە ئۆتۆریتەرەکان ئاراستە بکەن[٢٤]. ژمارەیەک لە تویێژەران هەوڵیان داوە دەوڵەت لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست وەک کۆمارییەکی وەستاو لە سەر گوشار و زۆرداری لە باتیی ڕێککەوتن دەرک بکەن. ئەم لێکدانەوە وەک کاردانەوەیەکی پرش و بڵاو بەرامبەر بە دەوڵەتی سەرکوتکەر، بزووتنەوە کۆمەڵایەتی-ئیسلامییەکان نیشان دەدەن و لە لایەکی دیکەشەوە لە ژێر تیشکی بەستێنی کۆمەڵایەتی- ئابووری و کۆمەڵایەتی-کولتووری دەوڵەتیان لێک نەداوەتەوە، بەڵکوو زیاتر سەیری خودی دەوڵەتیان کردووە وەک هۆکاری نەبوونی دیمۆکراسی و کۆمەڵگەی مەدەنی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست. بۆ نموونە "سیمۆن برووملی" بەڵگاندن دەکات کە "نەبوونی ڕێژەیی دیمۆکراسی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست" بۆ کولتووری ئیسلامیی ئەم ناوچانە ناتەواو و بۆ شێوازی پێکهێنانی دەوڵەت تەواوە"[٢٥]. مۆدێلی دەوڵەتی "ڕێنتیەر" بووە بە دارێژراوی چەمکی ڕێنماییدەر بۆ ڕوونکردنەوەی بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکانی وڵاتانی عەرەبی[٢٦]. بە پێی ئەم مۆدێلە تا ئەو کاتەی داهاتی هەرە مەزنی دەوڵەت لە فرۆشتنی نەوت، پارەی

نێردراو، تووریزم، یارمەتیی مالّیی دەرەکی و کەمترین یان هەر نەدانی باج و خزمەتگوزاریی کۆمەڵایەتی و خۆراک لە ڕێگەی سووبسیدەوە بەردەوام بێت، هاووڵاتییان ناتوانن داخوازیی بەشداریی سیاسییان هەبێت. بەم حاڵەوەش ئەم ڕووکردە زیاد لە حەد دیاریکەر بووە چونکە ئەم بابەتە بۆ داهاتەکانی نەوت و دەوڵەتانی ئۆتۆریتەر و لە بەر چاو نەگرتنی بەستێنە کۆمەڵایەتی، کولتووری و مێژووییەکان دەگەڕێتەوە. بۆ نموونە "دەوڵەتی ڕێنتیەر" لەوانەیە لیبڕالیزاسیۆنی سیاسی لە ئێران، ئۆردن و تا ڕادەیەک کویێت لێک بداتەوە، بەڵام ناتوانێ ڕوونی بکاتەوە کە بۆچی خەڵک لە باتیی شوناسی نەتەوەیی یان شوناسی پشتبەستوو بە چینەکان- ئەو کاتانەی تۆڕی ئەمنییەتی خۆشگوزەرانیی کۆمەڵایەتی چیدی تەواو نییە- ڕوو لە شوناسی ئیسلامی دەکەن. هەروەها ئەم ڕووکردە نوارینێکیشە بۆ لایەنەکانی دیکەی دەوڵەت و کۆمەڵگا لەوانە کێشەی خۆشگوزەرانی و ئاسوودەیی بەشە بگۆڕەکانی کۆمەڵگا، ئەو کەسانەی سەرکەوتنی ئابووری و کۆمەڵایەتی بەرەو خۆشبەختی نا، بەڵکوو بەرەو بێهیوایی چڕی سیاسی پاڵیان دەنێت. ئێریک دیوییس ڕەخنە لە لێکدانەوەی دەوڵەت- تەوەرانەی بزووتنەوە کۆمەڵایەتی سیاسییەکانی ناوچەکە دەگرێت و لای وایە "گۆڕانکارییە هۆیەکییەکان بەرهەمی دەوڵەتی پەسەند کراوە کەچی ئەمە لە حاڵێکدایە کە ئاستەنگییە کۆمەڵایەتییەکان بەرامبەر بە ڕەفتاری دەوڵەت کەمتر جەختی لە سەر کراوەتەوە"[٢٧].

زۆربەی کارە ورد و مێژووییەکانی لیزا ئەندێرسۆن، و ڕۆبێرت بیانچی و ئالان ڕیچاردز و جۆن واتێربۆری "گۆڕانکارییەکان لە ڕوانگەیەکی سیاسی و بە پێی ئابووریی ناوخۆیی و دەرەکی و ئاستەنگییە مێژووییەکان کە پێوەندییەکانی دەوڵەت و کۆمەڵگای تێدا

جێگیر کراوە" تاقی کراوەتەوە. بۆ نموونە ئەندرسۆن بوونی ڕێژیمە ئۆتۆریتەرەکـان لە ڕۆژهەڵاتـی ناوەڕاسـت وەک یەکێـک لە [لایەنە] ناچارییەکانی دەوڵەت سازی و میللەت سازی لێکدەداتەوە[٢٨].

ڕیچاردز و واتربۆری بەڵگاندن دەکەن کە ئەم دەسەڵاتە خۆسەرە کەسایەتیی حقووقیی دەوڵەت و نەریتی دەستێوەردەریەتی کە چینە کۆمەڵایەتی ئابوورییەکان لە ڕێگەی سیاسەتەکانیانەوە بیچم دەدات و تەنـانەت بەدییـان دێنێـت. ئەم چینـانەش کـاریگەریی لە سـەر سیاسـەتە ئابورییەکـان دادەنـێن و گەرەنتـی دەکەن. ڕیچـاردز و واتێربـۆری وەک ئەندرسـۆن پـێ لە سـەر ئەوە دادەگـرن کە ئەم دەوڵەتە تـەنها بەرهەمـی سیاسـەتی "کۆلۆنیـالبێزی و پەرە"یە[٢٩]. ئەوان بەڵگاندن دەکەن کە دارشتنی سیاسـەتی گشـتی، دیـاریکردنی سەرچاوەکان لە نێو کۆمەڵگاکاندا بیچم دەدات و هەروەها کۆمەڵێک دواهـاتی سیاسـیش بە دوای خۆیـدا دێنێـت... هەر وەک پێویسـتە بەردەوام ئاماژەی پێ بدەین، شەرعییەتیان، خەڵک و کارمەندانی پلە باڵا و سەرمایەدارە گشتییەکان کە حکوومەت پێک دێنن، بەردەوام کـۆمەڵێکی خۆسـەر لە ئەکتەران و سـەرچاوەکان بە پێـی مافەکـانی خۆیان بونیاد دەنێن[٣٠].

لە حاڵێکـدا کە ڕووکـردی کۆنتێکستواڵیسـتی لە چـاو ڕووکـردی پێشوو (جەوهەرگەرایی) پێشکەوتنی گەورەی بە خۆوە بینیوە، ئەم ڕووکردە چاو لەو گۆڕانکارییە بزۆزانەی بە درێژیی کات بە سـەر بـزووتنەوە ئیسـلامییەکاندا دادەخـات. بـۆ دەرک کردنـی پانتـایی وشـیارییە سیاسـییە نوێکـان سـەبارەت بە ئیسـلام، پێویسـتمان بە چوارچیوەی نوێیە بۆ سەریەکخستنی ئایدیاکان و ئەو دەستانەی لە ناوەوەی چوارچێوەی کۆمەڵایەتی و سیاسیدا دەکەونە ڕوو.

**ڕۆنانگەرایی** constructivism

ڕۆنانگەرایی یان بنیاتگەرایی گریمانە دەکات کە هەر کۆمەڵگایەک بونیادێکی مرۆیی و سووژەیی بۆ تەفسیر و کاریگەرییە چەند لایەنەکان لە خۆ دەگرێت. ئەم بونیادە هاوشێوەی تەریقەتەکانی سۆفی، دەوڵەت، نەتەوە و ئایینەکان، هەل ومەرج و زانیاریی شێوازی نوێی ئاوەز و تێگەیشتن بیچم دەدات". کەوابوو شوناسی سیاسیی ئیسلام تەنیا دەکرێ لە ڕۆچنەی هێرمێنیۆتیکی و تەکنیکەکانی پێوەندیی دووانەی هۆیەکی بە شێوەی شیاو دەرک پێ بکرێت. ئەم ڕووکردە گەلێک ئاڵۆزی و نائارامیی بێکۆتایی لە نێوان تێگەیشتنی مرۆیی و بونیادی چەندلایەنەی واقیع- هەرچەند مەرجدار- نیشان دەدات. ئەم ڕووکردە لە پێگەی یەکەم پاڵنەری مێژووەوە لەو ساتەوەختەوە کە سۆبژێکتیڤیتەی تاکەکەسی لە سەر دەستی پێوەندی و بەرامبەرکێیی نێوان تاکەکان بیچمی گرتووە، جەخت لە فاکتەری مرۆیی دەکاتەوە.

لە ڕوانگەی بونیادگەراییەوە کردەوەی تاکەکەسی نە بەرهەمی پێکهاتەی کۆمەڵایەتییەکانە و نە دواهاتی هەڵبژاردنە تاکەکەسییەکان[٣١]. بە فۆکس کردن لە سەر پێوەندیی نێوان تاک و کۆمەڵگا یان نێوان هۆیەکی و بونیاد، ئەو خاڵە دەرک دەکرێت کە چۆناوچۆن بونیادە کۆمەڵایەتییەکان (چوارچێوە ئیسلامییەکانی گەڕانەوە کە ڕێسا و کردەوەکان بیچم دەدەن) لە تاکدا بەدی دێن. (بە ناڤۆکی کردنی ڕواڵەت لە ڕێگەی بەکۆمەڵایەتیبوون). وەکیتر دەکرێ بەم شێوەیش دەرک بکرێت کە تاکەکان چۆن بونیادی کۆمەڵایەتی لە ڕێگەی بە بابەتی کردنی هەستیاری و وشیاریی کولتوورییەوە دەچێنن (ڕواڵەتسازیی ناڤۆکی). بە پلەی یەکەم

خستنە بەرکاری ڕووکردی ڕۆنانگەرایی دەتوانێ شوناسی ئیسلامی-تەوەری ئەو بزووتنەوانە بنوێنێتەوە کە لە درێژایی دوو تەوەری تیرەی دژبەر دەرکەوتوون؛ دەوڵەت-تەوەر (ستوونی و دوگماتیک) و کۆمەڵ-تەوەر (ئاسۆیی و کردەگەرا) گەشە و پەرەی فەزا گشتییەکان دەورێکی گرنگ لە بەدیهاتن و جەمسەربەندیی ناکۆکیی بزووتنەوەکانی شوناسی ئیسلامیی لایەنی بەرامبەر یان ڕکابەر بگێڕێت. ئەم بزووتنەوە شوناس تەوەرانە سالانێکە خوازیاری ئەخلاقی گشتی و دادپەروەرین لە کۆمەڵگا موسوڵمانەکاندا. بە کورتی ئەم بزووتنەوانە شوێنی جەمسەربەندی و پێک گەیاندنی چەمکی جیاواز [بۆ] "ژیانی باش لە ڕێگەی ڕێکەوتن لەگەڵ مۆدێرنێتین. ڕووکردی ڕۆنان گەرایانە بۆ شوناسی سیاسی ئیسلامی سێ خاڵی ئەرێنی و ئیمتیازی هەیە لە چاو کەیسەکانی پێشوو؛ یەکەم ئەم ڕووکردە هۆیەکی بە ئیسلامێکی ماددیکراو نادات بەڵکوو هۆیەکی زیاتر بە ژیانی موسوڵمانەکان دەدات کە کردەوەکانیان لە وەفادارییەکانیان و تۆڕە تایبەتەکانیاندا شاراوەیە. دووهەم؛ ئەم ڕووکردە دەسەڵاتی ئایدیاکان و کردەوەکانی ڕۆژانە لە هەر یەک لە شێوازەکانی سەپاندن و هاندانی گۆڕانکارییە کۆمەڵایەتی- سیاسییەکان بە ڕەسمی و فەرمی وەردەگرێت و سێهەم؛ بزووتنەوە کۆمەڵایەتی (ئیسلامییەکان) بە پێی پێویست نەک وەک نواندنەوەی ئانالیزەبوون و لە بەر یەک هەڵوەشاندنەوەی کۆمەڵگای مەدەنی بەڵکوو زیاتر وەک یارمەتیدان بە زیاتر بەهێز و پتەو کردنی دەبێت[٣٢].

**شوناسی سیاسی ئیسلامی**

شوناسەکان ئەو شتانە نین کە ئێمە بیریان لێ دەکەینەوە، بەڵکوو ئەو شتانەن کە بیریان پێ دەکەینەوە. لەم ڕووەوە ئەمانە شتێکی بەدەر، سەرتر لە سیاسەت، پێوەندییە کۆمەڵایەتییەکان و مێژووی ئێمە نین[٣٣]. سوودمەندی و چۆنێتیی ستراتیژێکی شوناسەکان لە سەر دەستی کراوفۆرد یانگ بەم شێوە باس کراوە: "شوناس لە خوارووترین تویژی چەمکی خودی زەینی یان دەوری کۆمەڵایەتیدایە [کە] زۆربەی جار بگۆڕ، هاوبەش و گرێدراوی هەل و مەرجە... و "ئێمە تا ڕادەیەک بە ناوکۆی "ئەوانەوە" پێناسە دەکرێت. ئەویدیی وابەستە لە ئاقارێکی کۆمەڵایەتیدا، لە شێوەڕێژ کردنی هەڵبژاردندا، دەوری ناوەندی هەیە[٣٤]. بەکارهێنانی ئەم پێناسە بۆ شوناس، من شوناسی سیاسیی ئیسلام وەک چوارچێوەیەکی ئیرجاعی reflect دەرک دەکەم کە بە شێوەی ناخۆشیار و لە ڕێگەی بەکۆمەڵایەتی بوونەوە ناقۆکی بووە و پەیوەست بە ئامانجی دڵخواز و بەستێنێکی کۆمەڵایەتیی بگۆڕ، سیاسی و ئۆبژێکتیڤیتە دەبێت. شوناسی ئیسلامی دوو ڕەهەندی لێک ئاڵاوی هەیە، لایەنێکی وەفادارییی ئایینیی تاک و لایەنگری لە بۆنە و ڕێوڕەسمە ئایینییەکان بەڕێوە دەبات کە مەنشوورێکی نۆرمەتیڤ لە دەورەکان لە چەمکی "خود" و "ئەویدی" ئاراستە دەکات، نیشان دەدات. لایەنی دووهەمی کە بە زۆری لە کار و بەرهەمی توێژەراندا لە بەر چاو ناگیرێت ڕامانی کۆیەکی بەرین لە چەمکەکانی دادپەروەری و ڕێنوێنیی ڕەفتار و ئەو ئایدیاگەلەیە کە ڕۆنانی کۆمەڵگایەک ئاسان دەکاتەوە. بە دەربڕینێکی تر چوارچێوەی ئیسلامیی گەڕانەوەیی بنەمای مەعریفەیەک بۆ سوود و

بەرژەوەندیی تاکەکەسی و کۆیی و هەروەها پلانی کردەوەکان پێک دێنێت. یەکەم لایەنی شوناسی ئیسلامی وەک بابەتێک بۆ لایەنی دووهەمی دەژمێردرێت. بەڵام بۆ ڕسکاندنی شوناسی سیاسیی ئیسلامی ناتەواو دەردەکەوێت. بە هۆی پێوەندیی نێوان ئەم دوو لایەنەی شوناسی ئیسلامیی موسوڵمانان مەرجدارو [باوەڕمەندن] بە نەریتی ئاینی و بەستێنە سیاسی – کۆمەڵایەتییەکان کە لە ڕێگەیەکەوە ئەو شوناسانە بەدی دێنێت. شوناسی ئیسلامی بەرامبەر بە فۆڕمەکانی دیکەی شوناسی نەتەوەیی وەک دواهاتی ڕکابەریتیی نێوان گرووپە جیاجیاکانی کۆمەڵگا لەوانە ڕۆشنبیرانی تەریقەتی سۆفی و حیزبە سیاسی کراوەکان گرنگییان وەرگرتووە. ئەم گرووپانە بە کەڵک وەرگرتن لە شێوازە مۆدێرنەکانی پێوەندیی گشتی، شوناسە سیاسییەکانیان جومگەبەندی کردووە و پەرەیان داوە. بە پێی بوار و بەستێنی سیاسی و کۆمەڵایەتیی تایبەت، گرووپە ئیسلامییەکان و ڕۆشنبیران لەوانەیە جەخت لە سەر لەپێشبوونی چینێکی شوناس لە چاو ئەوانی دی بۆ نموونە ئایین، جێندەر، پێگەی چینایەتی، ئەتنیک، هەرێم، ناوچە، ڕەچەڵەک، زمان بکەنەوە. ئەم چەند چینو توێژە ناوبراوە شوناس تەوەرانە ئەگەری ڕەخساندنی گفتوگۆی چەند لایەنە و هاوپۆشیی خودسازیی -self construct دەستەبەر دەکەن. کەوابوو ئەو پرسیارانەی کە دەبێ تاقی بکرێنەوە بەم چەشنە دەبێت؛ کەی و چۆن شوناسی ئیسلامی ئایینی وێرای خاڵێکی هاوبەشی بەرهەست و عەینی دەگۆڕدرێت بۆ شتێکی دی؟ لە چ هەل و مەرجێکدا لە باتیی شوناسی هۆزەکی و ئەتنیکی جەخت لە سەر توێژەکانی ئیسلامیی شوناس دەکرێتەوە؟ ئاخۆ هاوکات پەیوەست بوونی کۆمەڵگا بە هەر دوو لایەنی شوناسی ئیسلامی و شوناسی سیاسی نەتەوەیی ئیمکانی هەیە؟ من لەگەڵ

ئەوەدا نیم کە وشیاریی سیاسیی ئیسلام هەروەک چۆن لە پێوەندیی لەگەڵ شوناسەکانی دیکە و لە نێو بوار و بەستێنی جیاوازی وەک ناسیۆنالیزمی دەوڵەت-بنەما ولاتێکی سیکۆلار پەرە دەستێنێ و پێدەچێت ئەم بابەتە دەبێ وەک دیاردەیەکی کۆنتێکسشواڵ contextual(دەقی) پێوەندی و پێگەی دەرک بکرێت.

لەم لێکدانەوەدا شوناسی ئیسلامیی سیاسی وەک بابەتێکی مەرجدار و بە پێی پێوەندی دەخرێتە بەر باس. مەرجدار بوون بەو مانا کە شوناسی سیاسی ئیسلامی گرێدراوی تەفسیرێکی جیاوازە بەرامبەر بە "ئەویدی" کە یارمەتیی پێناسەی شوناس دەدات وەک پرۆسسێکی پێشەنگ. مەبەستم لە دیاردەی پێوەندیمەند ئەوەیە کە کۆمەڵگەیەک کە یارمەتیی ڕۆنانی جیاوازییەکان دەدات سیستەمێکی داخراو نییە بەڵکوو زیاتر لە ماوەی "چرکە" جیاوازکاندا بەدی دەکرێت. بە دەربرینی دی هەر شوناسێک لە ڕێگەی پێناسەوە، "ئەویدی"ی خۆی لە ناویدا و وەک توخمێکی دامەزراوەیی هەڵدەگرێت. "ئەویدیی مانادار" Signification-other تەنیا ئەویدییەکی دژبەر نییە بەڵکوو بە بەشی دامەزرێنەر و ڕۆنەری شوناسیش دێتە ئەژمار. هیچ شوناسێک بێ خاڵی وەستانیstandpoint خود گەڕانەوەیی بوونی نییە. بە نسبەت شوناسی سیاسیی ئیسلامییەوە، یەک لەو بابەتانەی بەرەو ڕووی "ئەویدی"ی ناوەکی و هەروەها "ئەویدی"ی دەرەکی لە حاڵی ڕکابەریتی لەگەڵ بزووتنەوە ئیسلامییەکان بۆتەوە، (دەوڵەتی سێکۆلار یان ڕۆژئاوایە).

بۆ دامەزراندنی شوناسی سیاسیی ئیسلامی دەرک کردنی پرۆسسی مۆدێرنێتی و وێنەسازی بە ئامانجی تێگەیشتن لەو ڕێگایەی کە بزووتنەوە ئیسلامییەکان تێیدا دەگۆڕن بۆ بکەرانی شێوەڕێژ بوونی شوناس پێویستە. ئەزموونی مۆدێرنێتی بوو بە

هـــۆی ڕســـکانی فەزای دەرفەتـــی نـــوێ کە لە ناویـــدا هەمـــوو موسـوڵمانەکان شوناسـی ئیسـلامی وێـنە دەەکێشـن و پێوەنـدی و دانووســـتانە کـــۆمەڵایەتییە تازەکـــان بەدی دێـــنن. خواســـتەکانی مۆدێڕنێتی و تواناکانی مرۆڤ بۆ وێنە کردن، زیادکردن و هەڵکردن لەگەڵ ئەم هەل و مەرجـانە، هێـزی سـەرەکیی پێشـکەوتنی ڕۆنـانی شوناسی هاوچەرخی سیاسی پێک دێنن. پردی پێوەندیی کردەوە و تیـۆری لە نێـوان مـۆدێڕنێتی و وێنەسـازی لە سـەر پڕاکسیسـی بـزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکـان درووسـت دەبێـت. مـۆدێڕنێتی لای مـن ئەوە نیـــیە کە دەوڵەت گۆڕانکارییەکـــان بە پێـــی ئەوەی کە وەک دەگـــوترێ پڕەنســـیپی جیهـــانی کە دەبێـــتە هـــۆی ســـەرهەڵدانی کۆمەڵگایەکی ڕۆژئاوایی لە ئەستۆ بگرێت. بە پێچەوانەوە مەبەست توانای کۆمەڵگایە بۆ گۆڕینی فۆڕمی خۆ بەرامبەر بە هەل و مەرجی مۆدێڕن و بێ هەوڵدانی بێ سوود و نەزۆک بۆ کراژخستنی Shed تەواوەتیی شوناس و کولتووری خود؛ یەک لە کارکردە گرنگەکانی مـــۆدێڕنێتی خـــۆتەوەرەیی بـــوونی autonomization سیاســـەت و شوێنکاتە کۆمەڵایەتییەکانی دیکەیە لە هەموو ئایدۆلۆژیا هەبووەکان و لەوانە دین و سێکۆلاریزم. هەوڵەکانی گرووپە ئیسلامییەکان بۆ بەرەو ڕوو بـــوونەوە لەگەڵ شوناســـی ئانالیزکـــاری مـــۆدێڕنێتی، درووست بوونی هەل و مەرج و زمانی دژواری لێ کەوتۆتەوە.

سالانی دوایی تەریقەتەکانی نەقشبەندی و بزووتنەوەی "نورجو" نەورەســـی لە تورکیـــا بـــۆ ئـــازادیی دەنـــگە پەراوێزخراوەکـــانی دەســـەلاتداری و ڕکێفـــی دەوڵەتـــی ئۆتـــۆریتەر دژ بە شـــێوازە مۆدێڕنەکـــانی پێوەنـــدییە کۆمەڵایەتییەکـــان وەســـتاونەتەوە. ئەم بـــزووتنەوانە نـــابێ ســـووک و ســـانا وەک دژبەر و نەیـــارانی دواکەوتـــووی مـــۆدێڕنێتی ڕەچـــاو بکـــرێن بەڵکـــوو دەبـــێ وەک

خەباتگێڕی خاوەن سیمای نادیمۆکراتیک لێک بدرێنەوە. پەرەی سیاسی لە تورکیا سەرەتای ساڵانی ١٩٩٠ نیشانە و هێمای بە سادە وەرگرتنی دەرەنجامە بەدەستهاتووەکانی لایەنگرانی سیاسیی ڕێبازی مۆدێرنیزاسیۆن لە پێگەی بەرۆژئاوایی بوون – کەسانێکی وەک دانیەل لێرنێر و بێرنارد لوویز بووە. بۆ نموونە لێرنێر بنەبڕانە بانگەشەی ئەوەی کردووە کە هەنووکە نەوە و بەرەی "تورکی نوێ" -وێڕای هەر شیمانەیەک –تەنیا بە هۆی هەندێ هۆکاری ڕێکەوتیی هاودەق و نەخوازراو بۆ نموونە جەنگی ئەتۆمی دەوەستێندرێت[٣٥]. بە دەربڕینی دی لێرنێر و توێژەرانی دی لە بەر ئەوەی کە لە جێگیر کردنی "ئەوان" لە باتیی "ئێمە"دا هاوبەش بوون، ڕامانیان هێند زەینیگەرایانە و هەڵبەت بێ ئاگاداری لە مەڕ مۆدێرنێتی بووە. بە پێچەوانەوە من پێناسەیەکی زۆر بەرهەستتر پێشنیار دەکەم؛ مۆدێرنێتی هەل و مەرجێکی جیهانییە کە تیایدا تاک و گرووپەکان بۆیان هەیە پێوەندییە کۆمەڵایەتییەکان لە سەر بنەمای وێنەسازیی کۆمەڵایەتی، دووبارە پێناسە بکەنەوە. ئەم وێنەسازییە هەڵگری سەرچاوەیەکی دەوڵەمەندی نەریت- بێ ئەوەی کۆمەڵگا نەریتییەکان بیانهەوێ بونیاد و پتەویی ناقۆکی و بەردەوامییان لە دەست بدەن- و بە مژدەبەخشی precuroors پەرەی مۆدێرن لە قەڵەم دەدرێت.

وێنەسازی دەوری گرنگ لە پرۆسەی ڕۆنانی شوناسی سیاسی ئیسلامیدا دەگێڕێت. لەو ڕووەوە کە ئیسلام لە ناوەندی کولتووری کۆمەڵگای تورکیادایە و سەرچاوەی سەرەکیی دەرکی ئەخلاقیی هاوبەشە، ئیسلام وەک کۆگایەک بۆ ئەو بەشە لە ئەکتەرە موسوڵمانەکان کە بەهاکان دەکێشنەوە و ڕەخنە و داوەری دەکەن، لەبەرچاو دەگیرێت. وێنەسازی لە نێو موسوڵمانەکاندا ئافرێنەری

هێزی شیفابەخشە کە دژ بەو هێزە مۆدێرنە شیکارانە وەک گشتێک هەڕەشە لە کەسایەتیی تاکەکەسی و کۆمەڵگا دەکەن، دەوەستێتەوە. وێنەسازی بۆ بەرزکردنەوەی [ئاستی] پێوەندیی تاکەکان لەگەڵ کۆمەڵگا، ڕۆح لەگەڵ ماددە، ڕابردوو لەگەڵ داهاتوو و جیهان و زەین کار دەکات. وێنەسازی پاشەکشێ کردن لە ئاقاری دەرەکی بۆ ناڤۆکی ئاسان دەکاتەوە کە self تێیدا بیچم دەگرێت. بەم چەشنە وێنەسازی یارمەتیمان دەدات تاوەکوو بەرەو ئەوپەڕی ئاستەنگە ئەزموون کراوەکان هەنگاو هەڵبگرین. وێنەسازی لای سەعید نەورەسی پردێکی بەجووڵە لە نێوان پرەنسیپە عەقڵانییەکان و هەستە ئەزموونییەکان درووست دەکات. لەم ڕووەوە ئەگەری دەرکی سەرپاکی جیهانی مرۆیی و جیهانی سرووشتی دەرەخسێت.

**بزووتنەوە کۆمەڵایەتی ئیسلامییەکان**

لە ڕۆنانی شوناسی سیاسیی ئیسلامی و بێ لە بەر چاو گرتنی گرێدراویی ئەزەلیگەرایانە، بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان پردی ڕەخنەیی نێوان دینی ئیسلامی ئەزەلی و جۆری مۆدێرنی شوناسی ئیسلامی سیاسی بیچم بەخشن. بەڵام بزووتنەوەی کۆمەڵایەتی چییە؟ سیدنی تارۆ پێناسەیەکی گشتی و گشتگیر لە بزووتنەوەی کۆمەڵایەتییەکان وەک بەشێکی کۆیی لەلایەن کەسانی خاوەن ئامانجی هاوبەش و یەکگرتوو، پێوەندیی بەردەوام لەگەڵ نوخبەکان، دژبەران و دەسەڵاتدارەکان ئاراستە کردووە[٣٦]. ئالبێرتۆ ملوچی و ئالێن تۆرێن ئەم پێناسەی تیۆریکەی بزووتنەوە کۆمەڵایەتییە مۆدێرنەکانیان هەنگاوێک زیاتر پێش خستووە[٣٧]. ئەم تیۆرییە لە سەر بنەمای کۆیەک لە بیر و باوەڕەکان، سیمبۆل و بەهاکان بە ئامانجی نوێژەن کردنەوەی کردارەکانی ژیانی ڕۆژانە داڕێژراوە.

ئەدەبیاتی بزووتنەوە کۆمەڵایەتییە نوێکان کە شوناس و ئەخلاق بە پرۆسەی کەوڵاوکەوڵیی کولتوورییەوە پەیوەست دەکەن، چەمکێکی بەسوود بە مەبەستی بەدواداچوون بۆ دزە کردنە ناو بونیادی شوناسی ئیسلامیی تورکیا بەدەستەوە دەدەن[٣٨]. بزووتنەوە ئیسلامییەکان لە دوای دامەزراندنەوەی شوناس، بونیادی دامەزراوەیی و چەند ڕێگایەک بۆ شێوازی ژیان و ڕێسا ئەخلاقییەکانی کۆمەڵگا لە ڕێگەی بەشداری کردن، دزە یان کۆنترۆڵی فەزا کولتووری و پەروەردەیی و ئابوورییەکانەوەن. ئەم بزووتنەوانە فرەڕەنگی، شێوەڕێژی، ڕێنوێنی کردنی کردەوەی سیاسی و کۆمەڵایەتی لە خۆ دەگرن. ئەوان جیهانبینییەکی خۆجێی، نەرم و بە شێوەی یەکانگیر کردن و پلاتفۆڕمی ناهاودەنگی بۆ گرووپە زوڵم لێکراوەکانیان لە لۆردەکانەوە بۆ جووتیار و کرێکارەکان دەستەبەر کردووە. بزووتنەوە کۆمەڵایەتییە نوێکان شوناسی کۆیی نوێ دەرەخسێنن کە پێناسەیەکی هاوبەشی ئەرێنی دەرفەت و ئاستەنگییەکانیانە بە ئامانجی کردەوەی کۆیی (جەمعی) – کە ئەکتەرە بەشدار بووەکان دەتوانن تیایدا سوودو قازانجی کردەوەکانیان بە ناوکۆی بەکارهێنانی نەخشە مەعریفییە شوناسییەکان بەدی بێنن[٣٩]. ماناسازیی کۆمەڵێک چەمکی ئیسلامی لەوانە دەستوور و ڕێکیی دادپەروەرانە Adel Duzen و فەزیلەت Fazilat لە زاتی کردەوەدا شاراوەیە. کەوابوو هەر چەشنە لێکدانەوەیەک بۆ بزووتنەوە کۆمەڵایەتییە ئیسلامییەکان دەبێ پردێک بێت لە نێوان قڵەشی سەرچاوە ناوخۆیی و دەرەکییەکان و بەکارهێنانی کرداری ژیانی ڕۆژانە بە مەبەستی دەرکی دەرەنجام و بەرهەمی بزووتنەوە ئیسلامییەکان.

مەبەست لە گەڵاڵە کردنی چەمکی "فەزای دەرفەت" سەرکەوتن بە سەر دژواریی نێوان سەرچاوە تاکەکەسییەکان دژ بە سەرچاوەگشتییەکان، تاکەکەسی دژ بە گشتی و (چاکەی) ناڤۆکی دژ بە ڕواڵەتییانە (فەزای دەرفەتی کۆمەڵایەتی – ئابورییە). بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان بۆ بەدیهێنانی فەزای سیاسی بۆ تازەکارەکان، خەڵکانی پەراوێزخراو، ئەو بەرنامانەی چاوپۆشییان لێ کراوە و زوڵم و جەوری نەبیستراو، تایبەت دراون[٤٠]. لێکدانەوەی فەزای دەرفەت لە پێناو دەرکی هۆکار و ئاسەوارەکانی بزووتنەوە کۆمەڵایەتییە ئیسلامییەکاندا دەبێت. لەگەڵ "فەزای دەرفەت" جێگە و پێگەی پێوەندییە کۆمەڵایەتییەکان کە خاڵی پێک گەیشتنی نوێ بۆ بەهێز کردنی تۆڕەکانی دابەش کردنی فەزا و ژیان لە سەر بنەمای هاوبەشی و دانووستان دەستە بەر دەکەن، لێک دەدرێتەوە. ئەو پانتاییەی کە پلە و پێگە مەدەنی و سیاسییەکان و میدیای چاپی و ئەلەکترۆنیک و فەزای مەجازیی بازاڕەکان، فەزاکانی دەرفەت هەروەها بونیادی سادەی پێکەوە بوون نین، چونکە لە ڕێگەی پێوەندیی و دانووستانەکانی فەزای گوتار لە باتیی بونیادی دامەزراوەیی ڕەسمی یان نارەسمی پێکەوە دەبەسترێتەوە. بازاڕ فەزای سەرەکیی دەرفەتە، لە بەر ئەوەی گەشەی ئابووری ڕێگە بە کەسەکان دەدات تاوەکوو بە پانتایی پرۆسسی سیاسی و کۆمەڵایەتی و گۆڕانکارییە کۆمەڵایەتییەکانەوە پەیوەست بن. هەروەها فەزای دەرفەت ڕێگە بۆ کەسەکان خۆش دەکات کە دەست بدەنە هەڵبژاردن و دیاریی کردنی پێناسەی شوناسی کەسییان بۆ ئەوەی بەرامبەر بە سیاسەتەکانی دەوڵەت یان بازاڕ و گۆڕانی فەزای ژیانی ڕۆژانە خۆڕاگری بکەن. فەزای دەرفەتەکان هەوڵەکانی دەوڵەت تەوەرەیی و کۆمڵگا تەوەرەیی بە ئامانجی ڕسکاندنی

ئایدۆلۆژیایەکی هەژمۆنێک و ئاویتە بوون پانتایی گشتی و تاکەکەسی ڕاڤە دەکەن. ئەم فەزا ناوبراوانە دەنگی جیاواز جیاواز ئازاد دەکەن و سەرچاوەکانی زانستی بیچمگرتووی ئایینی دەگۆڕێ بۆ پرۆژە و ڕێسای هاوبەشی هاوکاریی و ڕکابەریێتی.

چەمکی فەزای دەرفەتOportunity Spaces گەلێک بەسوودترە لە بونیادی دەرفەت چونکە هێزەکانی بچووک و مەزن بە یەک دەگەیەنێت و پێوەندی و کارلێککردنی نێوان سەرچاوە ناوخۆیی و دەرەکییەکان بە مەبەستی پێشبینی کردنی ڕووگە و لایەنی گۆڕانکارییەکان پێناسە دەکات. جگە لەمە لەو ڕووەوە کە بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان لە نێو کردەوە تاکەکەسییەکاندا کار دەکەن، فەزای دەرفەت بۆ تێگەیشتن لە گۆڕانەکانی ژیانی ڕۆژانە گەلێک گرنگ دەبێت[٤١]. لەم فەزادا نەک هەر کردەوە تاکەکەسی و کۆییەکان بیچم دەگرن بەڵکوو سنوورەکانی نێوان گشتی- تاکەکەسیش بەردەوام دەکێشرێنەوە. بزووتنەوە کۆمەڵایەتییە ئیسلامییەکان شوناسی تاکەکەسیی موسوڵمانەکان لە فەزای گشتیدا دەردەخەنەوە. ئەمە نەک تەنیا موناقەشەیەکە بۆ ناسینی شوناس بگرە بەگشتیبوونە لە ڕێگەی شوناسە تاکەکەسییەکانەوە. کەوابوو سەرهەڵدانی فەزای گشتیی موسەڵمانەکان لەگەڵ مێژووی سەرهەڵدانی بزووتنەوە کۆمەڵایەتییە ئیسلامییەکان زۆر لە یەک نزیکن. فەزای گشتیی موسڵمانەکان نەک هەر ئەم بزووتنەوانەی دامەزراندووە بەڵکوو لەوێوە سەرچاوە دەگرێت. ئەم بزووتنەوانە فەزای نوێی بەدەر لە کۆنترۆڵی دەوڵەت دەکەنەوە و فەزایەکی دژە گشتییان پێک هێناوە[٤٢]. هەروەها ئەم بزووتنەوانە بە لەقاڵبدانی پرسی ڕۆژانەی ژنان، منداڵان، گەنجان و کەمینەکان لە سەر بنەمای ئایین، هێڵە پتەو و جێگیرە چینایەتییەکانیان تێپەڕاندووە.

گەشەی ئابووری بە ناوکۆی بازاڕی هەناردە گیانی تازەی بە بەردا هاتووە و بزۆزی و زیادکردنی فەزاکانی دەرفەتی لێ کەوتۆتەوە، کە بە گەشە و پەرەی گۆڤارەکان، کەناڵی تەلەفزیۆنی، ئەنتەرنێت و دامەزراوە کولتوورییەکان و سیستەمی پەروەردەی تایبەتیش بەدی دەکرێت. ئەم فەزای دەرفەتە نوێیانە ئەگەر و ئیمکانی نوێیان بۆ ئەکتەرە موسوڵمانەکان تەیار کردووە بۆ ئەوەی دەنگ و کۆڕی دامەزاوەیی جیاواز و تایبەت بە خۆیان هەبێت لە باس و خواستە گشتییەکاندا. کەوابوو بزووتنەوە ئیسلامییەکان هاوشێوەی بزووتنەوەکانی مافی مەدەنی و کرێکاری سەرقاڵی بەشداری کردنن لە یارییەکی عەقڵانی بۆ درووست کردنی فەزا و گەڕان لە مەعریفە بەرامبەر بە دەوڵەت. ئەم گرووپە ئیسلامییانە لە دەرفەتی نوێی ئابووری و سیاسی بۆ بەدی هێنانی فەزا و گوتاری دژە هێرمۆنۆتیکی [خود] کە سەربەخۆیە لە دەوڵەتی سێکۆلار، بە شێوەی ستراتیژیکی کەڵک وەردەگرن. ئەم فەزای دەرفەتانە یارمەتیی فۆرمۆلیزە بوونی وشیارییەکی نوێی کۆمەڵایەتی –سیاسی دەدەن و ئەمەش وەک خۆی بۆتە سەرچاوە و ئاخێزگەیەک بۆ گۆڕانی کۆمەڵایەتی کە کۆمەڵگای تورکیا. بەم حاڵەوەش دەبێ خەجەت لەوە بکەینەوە کە ئامانجی یەکەم و خێرای بزووتنەوە ئیسلامییەکان لە لەوانە تەریقەتەکانی"نورجوو" و "نەقشبەندی"، کۆنترۆڵی دەوڵەت نەبوو، بەڵکوو ئەوان زیاتر بە نیازی ڕۆنانەوەی ژیانی ڕۆژانە بوون بە یارمەتیی گۆڕانی شوناسی تاکەکەسی و وشیاری لە ڕێگەی شێوازەکانی کارلێکی وەستاو لە سەر هزری کۆمەڵایەتی بە هۆی پێوەندیی تەریقەتەکانی مەدەنی-میدیاکان، دەقی چاپکراو و پێوەندییە لۆکاڵییەکان. دامەزراندنی شوناسی سیاسیی ئیسلام داستانی ئەم بونیادە مەزنە لە ڕێگەی پێوەندییەکانی

تاکەوەیە. بزووتنەوە ئیسلامییەکان ئەم پرسە دەکەن بە بابەتی ناکۆکی لەگەڵ دەوڵەت لە سەر کۆنترۆڵی فەزا کۆمەڵایەتی و کولتوورییەکان، بەڵام بزووتنەوە کۆمەڵایەتییە ئیسلامییەکان کەمتر وابەستەی ژیاندنەوەی دین و زیاتر وابەستەی بەهێز کردنی جڤاتی و ناساندنی زمانێکی ئەخلاقیی نویێ و دامەزراندنەوەی "کۆیەک لە کردەوەکانن"[٤٣]. فەزای دەرفەتی نویێ و گوتاری زاڵی بەتایبەتی کردنی ژیانی کۆمەڵایەتی وای کردووە کە خەڵک لە شوێنگەیەکی بەدەر لە مۆدێلە نەگۆڕەکانی دەوڵەتدا بژین.

ڕۆشنبیرانی نوێی ئیسلامیی تورکیا لە پلە و پێگە دەوڵەتییەکانەوە نەهاتوون بەڵکوو زیاتر ڕاوێژکارانی کۆمپانیاکانی کەرتی تایبەت یان ستوون نووسی ڕۆژنامە و گۆڤارەکانن. درووست بوونی ئەم چینە نوێیە نیشانەی وەرچەرخانە لە لۆژەکانی سووفی (تەکیە)وە بۆ دەقی چاپکراو یان لە کولتووری زارەکییەوە بۆ کولتووری چاپی. ئەنجامی یەک لەم گۆڕانکارییانە دژایەتی کردنی دیمۆکراتیزاسیۆنی مەعریفەی ئایینی وتێپەڕین لە شەرعییەتی زانا نەریتییەکانە بۆ ڕۆشنبیرانی نوێی شاری. ئەم ڕۆشنبیرە ئیسلامگەرا گەنج و زۆر خوێنگەرمانە لە ناکۆکیی جیددی لەگەڵ یەکدی و لەگەڵ ئەندامانی سێکۆلار و توێژی ڕۆشنبیرەوە تێوە گلاون. ئەم پێشکەوتنە بە شێوەیەکی حاشاهەڵنەگر بەرەو ئانالیزی ئەوەی کە "کۆمەڵگای ئیسلامیی ئایدیال" ناو دەنرێت، دەکشێت. سەرەڕای پلۆرالیزمی نوێی ئایدیاکان کۆدەنگییەکی وەستاو لە سەر ڕێکی و دەستووریێکی سیاسی و ئابووریی لیبڕاڵی کە بازاڕێک لە ئایدیاکان و هەروەها کالا و خزمەتگوزارییەکان دەگرێتەوە، بوونی هەیە و ئەم ڕێکییە لیبڕاڵییە لە حاڵەتێکدا واقیعی دەبێت کە زۆربەی موسوڵمانەکان لە ئاسوودەیی و هێمنیدا بە سەر بەرن و [فەزای] هەڵکردن و

تـۆلێرانس و دەرفەتیـان هەبێـت. لە نووسـینەکانی ئەم ڕۆشـنبیرە نوێیانەدا پرسیار کردن لە مەڕ دادپەروەری و شوناس گۆڕاوە بۆ دوو وتەزای زاڵی گوتار تەوەر.[٤٤]

بە هـۆی نـاڕوون بـوونی سـنوورەکانی نێـوان فەزای گشـتی و تاکەکەسی، بزووتنەوە کۆمەڵایەتییە ئیسلامییەکان لە سـەر ڕەهەندە تاکەکەسـی و تایبەتییەکـانی ژیـانی مرۆییـدا چـڕ دەبـنەوە. ئەوان دەیـانهەوێ ئیسـلام بـۆ جەختکـردنەوە لە سـەر بزووتنەوەکـان و کۆنترۆڵی قوژبنەکانی ژیانی ڕۆژانە بەکار بێنن؛ موسوڵمانەکان چی بخۆن؟ چی بخوێننەوە؟ چی لە بەر بکەن؟ چێژ لە چی وەربگرن و چۆن هەڵس و کەوت بکەن؟ لێرەوە ئیسلام وەک سەرچاوەیەک کە دەتـوانێ شـارەزایانە و بەپێـی مـۆدی ڕۆژ ئامـانجی تاکەکەسـی و سەرچاوەکان پێشوێن بکات و هەم لە پێگەی دەستوورێکی ئاڵۆز کە شـوناس و بەرژەوەنـدییەکان دابـین دەکـات، جێگیـر دەبێـت. بە چـڕ بـوونەوە لە سـەر ئیسـلام وەک "سـەرچاوەیەک" و بلـۆکێکی دامەزراوەیی کەسێتی و سەرمایەیەکی کۆمەڵایەتی، ئەوەی دەکرێ لێک بدرێتەوە ئەوەیە کە چۆناوچۆن کەڵکەڵە مادییەکان ئەو ڕێگایەی کە تاکەکان تێیدا بزووتنەوەی ئیسلامیی جیاواز بۆ نموونە ئیسلامی بـازاڕ و ئیسـلامی دەوڵەتـی خۆشگوزەران، دابـین دەکەن، ئاسـتەنگ دەکـاتەوە و بیچمـی دەدات. سـەبارەت بە تورکیـا لایەنگرانـی بزووتنەوە ئیسلامییەکان، بەشـی ڕیزپەڕی ئابووری و کولتووریی کۆمەڵگـا، بوورژواکـان و هەر بەو ڕادەش- و زۆر مانـادار- بورژوازیی بزۆز و سەرکێشی ئاناتۆلین.

ئەم گرووپـانە بە ئاشـکرا خەڵکـانێکن بە ڕووگە و لایەنگریـی مۆدێرنیسـتییەوە کە لە حـاڵی ئەزمـوون کردنـی پێگەیەکـی ڕوو لە هەڵکشـانی کۆمەڵگـادان و هێشـتا بە تەواوی لە داڕێـژگە و قـاڵبی

گرووپێکی ئێلیتدا (نوخبە) دەرنەکەوتوون. سەمبۆلیزمی دینی هاوڕێ لەگەڵ ئیسلامی سیاسی پێوەندییەکی تایبەت دەستەبەر دەکات کە یەکگرتوویییەک لە نێوان چینەکلاندا بەدی دێنێت و تاکی خاوەن پلە و پێگە کۆمەڵایەتییە جیاوازەکانی کۆمەڵگا لە دەوری یەکدی کۆ دەکاتەوە[٤٥].

**بزووتنەوەی سیاسی ئیسلامیی**

**ئاسۆیی و ستوونی و شوناسەکان**

دوو تێگەیشتنی جیاواز و پاڕادۆکسیکاڵ بە نیسبەت بزووتنەوە شوناسییەکانەوە لە تورکیا پەرەی سەندووە. ئەم جیاوازییە لە سەر بنەمای ئامانج و ستراتیژییەکانی هەریەک لە گۆڕانەکانی دەوڵەت - تەوەر بۆ کۆمەڵگا-تەوەر و فراوانیی ستراتیژییەکانیان لە یاساییەوە بۆ نایاسایی لە گۆڕاندایە. گەرچی هەندێک لە بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان دەتوانن لە کۆمەڵگایەکدا جێگیر بکرێن بەڵام پۆلێنبەندیی پێشنیاردراو بۆ ئەم لێکدانەوەیە بریتییە لە چوار جۆرینەناسیی وابەستە بە بزووتنەوە ئیسلامییەکان. لە لایەکەوە بزووتنەوەی دەوڵەت تەوەر یان نوخبەگەرا کە زۆر ئایدۆلۆژیک لە قەڵەم دەدرێت و لە لایەکی دیکەشەوە بزووتنەوەی کۆمەڵگا تەوەر، هێواش و کردەگەرای ڕیفۆرمخوازانە بوونی هەیە.

**بزووتنەوەی ئیسلامیی دەوڵەت-تەوەر**

بزووتنەوەی ئیسلامیی دەوڵەت تەوەری ستوونی بە پێی بڕیاردان بەرەو شەرعییەت خوازی و نوخبەگەرایی دەکشێن و لە سەر ئەو باوەڕەن کە کێشە و گرفتەکانی کۆمەڵگا لە ڕێگای

کۆنترۆڵی دەوڵەت و بە هۆی سەپاندنی ئایدۆلۆژیایەکی ئایینیی یەکپارچەوە باشتر ڕیفۆرم دەکریت.

**بزووتنەوەی ئیسلامیی کۆمەڵگا تەوەر**

بزووتنەوەی ئیسلامیی کۆمەڵگا تەوەر بە نیازی گۆڕانی کۆمەڵگایە لە ناوەوە و لە ڕێگەی بەکار هێنانی فەزاکانی دەرفەت لە بازاڕ ومیدیا بە مەبەستی گۆڕانی ڕاهاتنی تاکەکەسی و پێوەندیی کۆمەڵایەتی بە پێی ستراتیژ و شێوازەکانی. دەتوانین دوو جۆر بزووتنەوەی لێک جیاوازی لەم چەشنە پێناسە بکەین. یەکەم بزووتنەوە دەروونگەراکان کە لە سەر ڕامان و قووڵبوونەوە دامەزراون بە ئامانجی وەرگرتنەوەی پانتاییە تاکەکەسییەکان یاخود بە مەبەستی وازلێهێنانی یان چوونە دەرەوە لەو بابەتانە وەک سیستەمی کۆمەڵایەتی سیاسیی ڕێگەپێنەدراو کار دەکەن. بە پێچەوانەوە چەشنی دووهەم ئەو بزووتنەوانەن کە پشت بە ژیانی ڕۆژانە دەبەستن و بەم شێوە کاریگەریی لە سەر کۆمەڵگا و تاکەکان دادەنێن و تۆڕە کۆمەڵایەتییە کلاسیک و مۆدێڕنەکان بۆ پەرە پێدانی بەڵگاندن و درووست کردنی شوناس و جیهانبینیی نوێیان بەکار دێنن.

**ئەنجام**

بەم چەشنە جۆرینەناسیی بزووتنەوە ئیسلامییەکان پەرەی گرتووە و لە هەل و مەرجی جیاوازدا دەستیان داوەتە پێشکەش کردنی ئامۆژەی بنەڕەتی لە ڕووی ئەزموون و تیۆری وردەوە پەیوەست بە دەوری ئیسلام لە تورکیادا. کەیسی تورکیا سەلماندی کە پێشگۆیی ڕێبازی مۆدێڕنیزاسیۆن بە هۆی توانای موسلمانەکان

و دووبارە وێنەسازیی خود یان ئیمانیان بە شێوازێکی نەرم و نیان لە بەکردەوە کردنی بانگەشەکانیاندا سەرکەتوو نەبووە.

بزووتنەوە سیاسییە ئیسلامییەکان پرس و کەڵکەڵە کۆمەلایەتی و ئابورییە ئاڵۆزەکان جومگەبەندی دەکەن. مزگەوتەکان، تەریقەتەکانی سۆفی و کۆڕ و جڤاتی بچووکی ئایینی لە سەر بنەمای ئەو تۆڕە دامەزراوانە ڕۆ دەنرێن کە پشتیان بە کۆگایەک لە سیمبۆلی ئیسلامی بۆ چوارچیوەبەندیی پرسە کۆمەڵایەتی و سیاسییەکان و بڵاوکردنەوەی ئایدیاکانیان و وەکی‌تر جومگەبەندیی کۆیەکی نوێ لە ئەجینداکان بۆ ڕۆنانەوەی دەوڵەت و کۆمەڵگا، ئیمانی تاکەکەسی و جڤاتی بەستووە. من جۆرینەناسییەکی جیاوازم بۆ بزووتنەوە ئیسلامییەکان پێ ناساندوون و ئەو سێ مەرجەشم دیاریی کردووە کە بە پێی ئەوان بزووتنەوە ئیسلامییەکان لە شوناسێکی شۆڕشگێڕانەوە کەوڵاوکەوڵ دەبن بۆ بزووتنەوەی کۆمەڵایەتی. گۆڕینی سیاسەتەکانی دەوڵەت کۆلێکتیڤیزم و کوالیسیۆنی بزووتنەوەکان لەگەڵ چینی بازرگان و پەرەی فەزای گوتار و گفتوگۆ.

## سەرچاوەکان

1. I base these categories on the writing of Crawford Young; see Young, ed., The
Rising Tide of Cultural Pluralism: The Nation-State at Bay? (Madison: University of
Wisconsin Press, 1993).

2. For concise statements of these diVerent approaches, see Daniel Pipes, In the

Path of God: Islam and Political Power (New York: Basic Books, 1983); Elie Kedourie, Democracy and Arab Political Culture (Washington, DC: Washington Institute for Near East Policy, 1992); P. J. Vatikiotis, Islam and the State (London: Croom Helm, 1987); and Bernard Lewis, “The Root of Muslim Rage,” Atlantic Monthly, September 1990, 50–57.

3. Bernard Lewis, The Political Language of Islam (London: University of Chicago Press, 1988); by far the best critique of the “orientalists” is Maxime Rodinson, Europe and the Mystique of Islam (London: University of Washington Press, 1991).

4. Bassam Tibi, Islam and the Cultural Accommodation of Social Change, trans. Clare Krojzl (Boulder, CO: Westview Press, 1991).

5. Tibi, Islam, 120.

6. Bernard Lewis, preface to Gilles Kepel, The Prophet and Pharaoh: Muslim Extremism (London: Al Saqi Books, 1985), 13.

7. Ernest Gellner, Postmodernism, Reason and Religion (London: Routledge, 1992), 6–22.

8. Emmanuel Sivan, Radical Islam: Medieval Theology and Modern Politics (New Haven: Yale University Press, 1990), 3.

9. Sivan, Radical Islam, 138.

10. See Ibrahim M. Abu-Rabi, Intellectual Origins of Islamic Resurgence in the

Modern Arab World (Albany: State University of New York Press, 1996).
11. For the critique of this literature, see Leonard Binder, Islamic Liberalism: A
Critique of Development Ideologies (Chicago: University of Chicago Press, 1988), 225.
12. Daniel Lerner, The Passing of Traditional Society: Modernizing the Middle East
(New York: Free Press, 1964), 405.
13. See, for example, Niyazi Berkes, The Development of Secularism in Turkey,
2nd ed. (New York: Routledge, 1998); Binnaz Toprak, Islam and Political Development
in Turkey (Leiden: Brill, 1981); "The State, Politics and Religion in Turkey,"
State, Democracy and the Military: Turkey in the 1980s (New York: de Gruyter, 1988),
119–35; and "Islam in Politics: The Case of Turkey," Government and Opposition 18
(1983): 421–41; and 8lkay Sunar and Sabri Sayarì, "Democracy in Turkey: Problems
and Prospects," in Transitions from Authoritarian Rule, ed. Guillermo O'Donnell,
Philippe C. Schmitter, and Laurence Whitehead (Baltimore: Johns Hopkins University
Press, 1986), 165–86.
14. Frank Tachau, Turkey: The Politics of Authority, Democracy, and Development
(New York: Praeger, 1984).
15. Sibel Bozdo;an and Resat Ka7aba, eds., Rethinking Modernity and National
Identity in Turkey (Seattle: University of Washington Press, 1997).

16. Sami Zubaida, Islam, the People and the State (London: Routledge, 1989);
Michael Gilsenan, Recognizing Islam (London: Tauris, 1990); Edward Mortimer,
Faith and Power (London: Faber, 1982); Aziz al-Azmeh, Islams and Modernities
(London: Verso, 1993); and Nazih Ayubi, Political Islam: Religion and Politics in the
Arab World (London: Routledge, 1991).
17. For discussions of relative deprivation theory, see James Davies, Human
Nature and Politics: The Dynamics of Political Behavior (New York: Wiley, 1963); Özay
Mehmet, Islamic Identity and Development: Studies of the Islamic Periphery (London:
Routledge, 1990); Feroz Ahmed, "Politics and Islam in Modern Turkey," Middle
Eastern Studies 27, 1 (1991): 2–21, and "Islamic Reassertion," Third World Quarterly
10, 2 (1988): 750–70.
18. Mehmet, Islamic Identity and Development, 26.
19. Mehmet, Islamic Identity and Development, 51.
20. See Darius Shayegan, Cultural Schizophrenia: Islamic Societies Confronting
the West, trans. John Howe (London: al-Saqi, 1992).
21. CliVord Geertz, The Interpretation of Cultures (New York: Basic Books, 1973),
chaps. 8 and 10.
22. See Olivier Roy, The Failure of Political Islam (Cambridge: Harvard University
Press, 1994).

23. Gabriel Ben-Dor, State and ConXict in the Middle East (New York: Praeger,
1983); Philip S. Khoury and Joseph Kostiner, eds., Tribe and State Formation in the
Middle East (Berkeley: University of California Press, 1990); Raymond A.
Hinnebusch, Authoritarian Power and State Formation in Ba'thist Syria: Army, Party,
and Peasant (Boulder, CO: Westview Press, 1990); Eric Davis and Nicolas
Gavrielides, eds., Statecraft in the Middle East (Miami: Florida International University
Press, 1991).
24. Theda Skocpol, "Bringing the State Back In: Strategies of Analysis in
Current Research," in Bringing the State Back In, ed. Peter Evan, Dietrich
Rueschemeyer, and Theda Skocpol (New York: Cambridge University Press, 1985),
20.
25. Simon Bromley, Rethinking Middle East Politics, State Formation and
Development (Cambridge, England: Polity Press, 1994), 169.
26. Giacomo Luciani, "Allocation vs. Production States: A Theoretical Framework,"
and Hazem Beblawi, "The Rentier State in the Arab World," both in Luciani
and Beblawi, The Arab State (Berkeley: University of California Press, 1990), 65–84
and 85–98, respectively.
27. Eric Davis, "Theorizing Statecraft and Social Change in Arab Oil-Producing

Countries," in Davis and Gavrielides, eds., Statecraft, 8.
28. Lisa Anderson, "Absolutism and the Resilience of Monarchy in the Middle
East," Political Science Quarterly 106,1 (1991): 1–15, and "The State in the Middle East
and North Africa," Comparative Politics 20, 1 (October 1987): 1–18.
29. Alan Richards and John Waterbury, A Political Economy of the Middle East:
State, Class and Economic Development (Boulder, CO: Westview Press, 1990), 185.
30. Richards and Waterbury, Political Economy of the Middle East, 2.
31. Peter L. Berger and Thomas Luckman, The Social Construction of Reality
(New York: Anchor Books, 1967).
32. Fazlur Rahman, Islam and Modernity: Transformation of an Intellectual
Tradition (Chicago: University of Chicago Press, 1982); John L. Esposito, Islam: The
Straight Path, 3rd ed. (New York: Oxford University Press, 1998), and Talal Asad,
The Idea of Anthropology of Islam, occasional paper series (Washington, DC:
Georgetown University Center for Contemporary Arab Studies, 1986).
33. John R. Gillis, ed., Commemorations: The Politics of National Identity
(Princeton: Princeton University Press, 1994), 5.
34. Crawford Young, The Politics of Cultural Pluralism (Madison: University of
Wisconsin Press, 1976), 65.
35. Lerner, Passing of Traditional Society, 128.

36. Sidney Tarrow, Power in Movement: Social Movements, Collective Action and
Politics (New York: Cambridge University Press, 1994), 3–4.
37. Alberto Melucci, “The Symbolic Challenge of Contemporary Movements,”
Social Research 52, 4 (1985): 793, and Nomads of the Present: Social Movements and
Individual Needs in Contemporary Society (Philadelphia: Temple University Press,
1989), 35; Alain Touraine, Beyond Neoliberalism (Malden, MA: Blackwell, 2001), 45–73.
280
38. See Craig Calhoun, “The Problem of Identity in Collective Action,” in
Macro-Micro Linkages in Sociology, ed. Joan Huber (London: Sage, 1991), 51–75.
39. Melucci, “Symbolic Challenge,” 35.
40. Charles Tilly, “Social Movements as Political Structure” (July 1997),
unpublished ms. (www.ciaonet.org/wps/tic03/).
41. Hank Johnson and Bert Klandermans, “Identities, Grievances, and New
Social Movements,” in Social Movements and Culture, ed. Hank Johnston and Bert
Klandermans (Minneapolis: University of Minnesota Press, 1995), 7.
42. Marco Giugni, Doug McAdam, and Charles Tilly, eds., How Social Movements
Matter (Minneapolis: University of Minnesota Press, 1999).
43. Charles Tilly deWnes the “repertoire of action” as a set of means that
challengers use to make diVerent claims on diVerent groups and institutions. Tilly,

The Contentious French: Four Centuries of Popular Struggle (Cambridge: Belknap
Press, 1986), 4.
44. Michael Meeker, “The Muslim Intellectual and His Audience: A New
ConWguration of Writer and Reader among Believers in the Republic of Turkey,” in
Cultural Transitions in the Middle East, ed. Serif Mardin (Leiden: Brill, 1994), 153–88.
45. Ziya Öni7, “The Political Economy of Islamic Resurgence in Turkey: The
Rise of the Welfare Party in Perspective,” Third World Quarterly 18, 4 (1997): 748.

**وەرگێڕانی لە ئینگلیزییەوە؛ چنوور فەتحی**